چەندین پیشە لە مەترسیدایە و پێویستە بەشداری فێرکاری پەیمانگە بکەن

(ئەندازیار ئاسۆ عەبدولڕەحمان)

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە پیشەی مەترسیدار کار دەکەن، بە شێوەیەکی زانستی و پیشەیی ڕاهێنان ببینن، تا ڕێگە لە ڕووداوەکان بگرین و ژیانی خۆیان و خەڵکی تر بپارێزن. ئەم ڕاهێنانانە تەنها بڕوانامە نین، بەڵکو ئامرازێکی ڕاستەقینەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایش لە شوێنی کار.

ئەو کەسانەی ئەم ڕاهێنانانە تەواو دەکەن، بڕوانامەیەکی پەسەندکراو وەردەگرن کە ڕێگەیان پێ دەدات کار لە بەشە جیاوازەکانی پیشەی مەترسیدار بکەن. ئەمەش وا دەکات کە خاوەن کار و کۆمپانیاکان زیاتر متمانە بە کارمەندانی ڕاهێنراو بکەن و ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشی جێبەجێ بکەن